# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی پیاو بە وەستانەوە نەعل (یان پێڵاو) لەپێبکات

له‌ جابره‌وه‌ -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی پیاو بە وەستانەوە نەعل (یان پێڵاو) لەپێبکات».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا نەهی کردن هاتووە سەبارەت بە لەپێکردنی (نەعل وپێڵاو) بە حاڵەتی وەستانەوە؛ چونکە لەپێکردنی بە دانیشتنەوە ئاسانترە، ئەمە ئەگەر نەعلەکە پێویستی بە بەستن بوو بۆئەوەی پێی تێدا بچێت؛ چونکە ئەگە مرۆڤ بوەستێت بۆئەوەی نەعل لەپێبکات لەوەیە بکەوێتە سەر زەوی وتووشی ئازار بێت، بەڵام نەعلەکانی ئەمڕۆ پێویستی بە بەستن نییە بۆیە پێویست ناکات مرۆڤ دابنیشێت بۆئەوەی لە پێی بکات؛ بۆیە نەهی کردنەکە نایگرێتەوە، بەڵام پێڵاو یان هەرشتێکی تر پێویستی بە بەستن وخەریکبوون بێت دەبێت دابنیشێت. وهیچ جیاوازییەک لە نێوان پیاو وئافرەت نییە لەم حوکمەدا؛ چونکە حوکمە شەرعییەکان جیاوازی ناکات لە نێوان پیاو وئافرەت مەگەر بە بەڵگەیەکی تایبەت نەبێت، لێرەدا باسی پیاو کراوە چونکە پیاوان زیاتر دەچنە دەرەوەی ماڵ بۆیە لێرەدا بە تایبەت باسی ئەوان کراوە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee